


# تێستی شەکرە بەبێ خوێن و ئازار

زانینی ڕێژەی شەکر لە ناو خوێندا حەتمەن دەبێت لە ڕێگای تێست کردنی خوێنەوە بێت، ئەویش بە لێدانی دەرزییەك و هێنانی دڵۆپێك خوێن و دانانی لەسەر ئامێری تێستێری شەکرە..

ئەوانەی نەخۆشی شەکرەیان هەیە بە هیوان ڕۆژێك ئامێرێك دروست بکرێ کە وەك ئامێری پێوانی زەختی خوێن بەبێ ئەوەی کە خوێنیان لێوەربگیرێ بزانن ڕێژەی شەکرەیان چەندە.




کۆمپانیایەك ئامێری K’Track ی بەرهەم هێناوە وەك کاتژمێر لە مەچەك دەخرێ و بەهۆیەوە دەزاندرێ ڕێژەی شەکرەت لە خوێندا چەندە. ئامێرێکە دەرزی زۆر وردی تێدایە کە بە ئاستەم بە چاو دەبیندرێن، بەهۆی ئەو دەرزیانەوە زانیاری سەبارەت بە شەکرە دەزاندرێ، ڤێرژنی دووەمی ئامێرەکە نە تەنیا ڕێژەی شەکری خوێن، بەڵکو ڕێژەی ئەسید لاکتیك و لێدانی دڵیش دەزانێ.

# کامێرایەک بۆ گرتنی وێنەی سێلفی سێ لایی

کامێرای جۆری Bellus3D تایبەتە بەو مۆبایل و تەبلێتانەی کە سیستەمی ئەندرۆیدیان لەسەرە، دەتوانن وێنەی سێ لایی بە کوالیتی بەرز بگرن.

کامێراکە پێکهاتووە لە دوو هەستەوەری ١,٢ مێگاپیسکلی سەرووی سوور، ١,٢ مێگاپیسکلی ڕەنگی، دوو پرۆژکتەری لەیزەری سەرووی سوور، دووربینێك، بەهۆی ئەمانەوە بەشێوەی ٣D سکانی بەکارهێنەرەکەی دەکات.

کارکردن بە کامێراکە زۆر ئاسانە ئەوەندە بەسە سەری خۆت بە ئارامی بۆ لای چەپ و ڕاست بسوڕێنی، نزیکەی ٢٠ چرکەی پێدەچێ کارەکە کۆتایی پێدێ. بەرهەمی وێنەگرتنەکە وێنەیەك بە فۆرماتی تایبەت بە سێ ڕەهەندی واتە objیە و بە ئاسانی دەتوانی لە پرۆژەکانی سێ ڕەهەندی دا دایبنێی یان بە پرینتەری 3D بەشێوەی دەمامك چاپی بکەی.



# موبایلە چەماوەکە و چەند تایبەتمەندییەک





لەمێژە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی مۆبایل لە هەوڵدان کە مۆبایلی چەماوە، یان مۆبایلێك دروست بکەن کە بتوانرێت لوول بدرێ یان قەد بکرێ، هەتا ئێستا هەوڵەکانیان زیاتر وەك بیرۆکەیە و بە فەرمی نەخراوەتە بازارەوە..

لە پێشانگای ساڵانەی cesی ئەمساڵدا مۆبایلێکی چەماوە بەناوی Royole flexphone خرایە روو کە دەکرێت وەك مۆبایلێکی ئاسایی سوودی لێوەربگری و ئەوکاتەی کە سوودیشی لێوەرناگری دەکرێت لوولی بدەی و وەك بازنەیەك لە دەستی بکەی وەك کاتژمێرێکی هۆشمەند یان وەك مەچەك بەندێك سوودی لێ وەرگری..

ئەگەر پەیوەندیشت بۆ هات دەکرێت هەم بە شێوەی چەماوە وەڵامی پەیوەندییەکان بدەیەوە وەك مۆبایلێکی ئاسایی. ئەو کاتەی دەبێتە مەچەك بەند یان کاتژمێر بۆ جوڵەی وەرزشی، لێدانی دڵ، پێوانی هەنگاوی رۆیشتوو، زانینی مەودای رۆیشتن سوودی لێببینی.

کێشی مۆبایلەکە تەنیا ١٠٠ گرامە، بارستاییەکەی ٥,٥ ملمە. سیستەمی ئەندرۆیدی لەسەرە.



# سەرنجێک لەسەر مۆنیتۆری چەماوەی HP

ماوەیەکی لەمێژ نییە کە رکابەرییەك لەنێوان کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی تەکنەلۆژیای نوێ لەسەر بەرهەمهێنانی مۆنیتۆر یان تەلەڤزیۆنی چەماوە لە گۆڕێدایە، کۆمپانیای HP یش نوێترین مۆنیتۆری چەماوەی خۆی کە تایبەتە بە یارییە ئەلکترۆنییەکان بەرهەم هێناوە، مۆنیتۆرەکە ٣٥ ئینجە بە جۆری OMEN X ناسراوە. خێرایی مۆنیتۆرەکە زۆر لەسەرێیە، خێراییە ئەنجامدانی ئەرکەکانی لە کەمتر لە ٣ ملم لە چرکەیەکدایە. کوالیتی نیشاندان لەو مۆنیتۆرەدا UWQHDیە.

سەیرکردنی مۆنیتۆرەکە تەنانەت ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆریش و چەند کاتژمێرێکیش لە نزیکەوە سەیری بکەی کێشە بۆ دیتن و بینایی بەکارهێنەر دروست ناکات، خۆی لەگەڵ هەموو شوێنێك تاریك و رووناك دەگونجێنێ..



## پرینتەرێکی بچووک تایبەت بە وێنە

ئەوەی لە پێشکەوتنی جیهانی دیجیتالی نوێدا زیانی زۆری پێکەوت و دەکرێ بڵێین خەریکە بە یەکجاری نەمێنێ، تاقیگەی شووشتنەوەی وێنە بوو، پێشکەوتنی دیجیتالی چاپ کردنی وێنەی لەسەر کاغەز نەهێشت، بۆیە لەو بڕوایەدان کە نەوەی داهاتوو نەوەیەکی بێ ئەلبوم دەبێت، بە نەمانی تاقیگە گەورەکانی شووشتنەوەی فیلم، پرینتەری زۆر بچووکی تایبەت بە چاپ کردنی وێنە بازاڕیان گەرم بوو، پرینتەرەکان شێواز و قەبارەیان جۆراوجۆرە.

نوێترین پرینتەری تایبەت بە وێنە پرینتەرێکە کە لەلایەن کۆمپانیای ئێل جی بەرهەم هاتووە، پرینتەری جۆری Pocket Photo PD۲۶۱ ناسراوە، بچووکترە لە مۆبایلێکی ئاسایی. بارستاییەکەی تەنیا ۲۲ ملمە. بۆ کارکردن بەو پرینتەرە پێویست بە کێبڵ ناکا. چونکە بەبێ وایەر بە مۆبایل پەیوەند دەدرێ خاڵی جێگای سەرنج لەو پرینتەردا پێویستی بەحیبر یا (کارتریج) نییە، بەڵکو ئەو وەرەقانەی کە وێنەکانی لەسەر چاپ دەبن تایبەتن.



## فلاش میمۆری ۲ ترابایت

فلاش میمۆری گرنگترین و ئاسانترین ڕێگایە بۆ هەڵگرتنی داتاکان، هەم قەبارەی بچووکە و هەم بە ئاسانی داتاکان هەڵدەگیرێن و دەگواسترێنەوە..

چەند ساڵ لەمەوبەر فلاش میمۆری ئەوپەڕی قەبارەی داکردنیان ۱٦ گێگابایت بوو، بەڵام ئێستا فلاش میمۆری بە قەوارەی ۲ ترابایتیش بەرهەم هاتووە..

کۆمپانیای KingSton لە پیشانگای ساڵانەی CES۲۰۱۷دا فلاش میمۆری دوو ترابایتەکەی خۆی خستەڕوو.

ڕەنگە هاردێکی پۆرتێبڵی بەم قەوارەیە باشتر بێت بەهۆی ئەوەی فلاش میمۆری قەبارەی بچوکە و بۆ هەڵگرتن ڕەنگە بزر بێت. فلاش میمۆرییەکە لە مادەیەکی پتەو دروستکراوە کە بە هۆی کەوتنە خوارەوەو کەش و هەوا تێك نەچێت...



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێك دەپرسێت کاتێك بە لاپتۆپ کار دەکەم، هێمای ماوسەکە لە شوێنی خۆی دەجوڵێ بەبێ ئەوەی کە من جوڵەی پێ بکەم، جار هەیە لە خۆوە پرۆگرامێك دەکاتەوە، ڕێگایەك هەیە بۆ ئەوکاتانەی دەنووسم یان سەیری سایتێك دەکەم هێمای ماوس نەجوڵێت؟**

بەڵێ خوێنەری بەڕێز، ڕێگاچارە هەیە، لاپتۆپە نوێیەکان خۆیان دوگمەیەکی تایبەتیان تێدایە لەریزی دوگمەکانی (F)ە واتەئەو دوگمانەی لەسەرەوەن، یان بە داگرتنی دوو دووگمەی بەپێی مارکەی لاپتۆپەکە لەسەر کیبۆرد. لەو لاپتۆپانەی کە ئەو توانایەیان نییە دەتوانی پرۆگرامگەلێکی زۆر هەن وەك TouchFreeze و هاوشێوەی ئەو پرۆگرامە..



# پرۆگرامێک بۆ لابردنی ریکلامەکانی ئینتەرنێت

جار هەیە نیازت هەیە سایتێك بکەیەوە، کەچی لە پەنایدا سایتێکی دیکە کە ریکلام بۆ شوێنێکی دیکە دەکا دەکرێتەوە، یان بۆکسێك کە هەڵگری ریکلامێکی بێزارکەرە دەبینی.. جار هەیە بێزار دەبی لەو رێکلامانە کە بە بێ ویستی تۆ دێنە لاپەڕەکە.. سەرەڕای بێزاریان، خێرایی ئینتەرنێت دادەبەزێنن..

بەمەبەستی لابردنی ریکلامەکان و باشتر سوود وەرگرتن لە ئینتەرنێت، دانانی پرۆگرامی AdwCleaner زۆر گونجاوە، پرۆگرامەکە قەوارەکی کەمی هەیە و دوای ئەوەش بەکارهێنانی ئاسانە. ئەم پرۆگرامە لەگەڵ زۆربەی زۆری وێبگەڕەکانی وەك گوگل کرۆم، ئینتەرنێت ئیسکپلۆرێر و فایر فۆکس دەگونجێت.. لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ زۆربەی سیستەمەکانی ویندۆز دەگونجێت...

لە جیهانی دیجیتالی نوێدا منداڵان پشکی شێریان بەرکەتووە، هەرچەندە پێدەچێ جگە لە سوود گەیاندن زیانیشی بۆ منداڵان بێت. نەوەی داهاتوو نەوەی دیجیتالی دەبێت، بواری زەین وهۆشی بەهێز دەبێت، بەڵام بواری هەست و سۆزی لاواز...

ئاریستوتێل (Aristotle) یەکێکە لەو ئامێرە گرنگانەی تایبەتە بە منداڵ و لە هۆشی دەستکرد سوود وەردەگرێ. لە راستیدا سپیکەر (بڵندگۆ)یەکی زیرەکە، هەر ئەوکاتەی کە منداڵەکە دێتە ژیانەوە و هەتا دەچێتە قۆنابخانە ئاگادار و راهێنەری منداڵە، لە سەرەتادا هەوڵ دەدا بە زمانی منداڵانە بدوێ و لایەلایەی بۆ بکا. بەهۆی مۆنیتۆرێکەوە ڤیدیۆیی راستەخۆ بۆ سەر مۆبایلی بەکارهێنەر بەرێ بکات، کاتێك منداڵەکە هەڵدەستێ مۆسیقای تایبەت بە منداڵەکە لێدەدا. شەوانە گلۆپی رەنگاورەنگ هەڵدەکا و دەبێتە چاری خەوی منداڵان، کاتەکانی گۆڕینی و خۆتەڕکردنی منداڵەکە بە سەرپەرشتیارانی رادەگەیەنێ.

ئامێری ناوبراو ئەگەر منداڵەکە گەورە تر بوو چیرۆکیان بۆ دەخوێنێتەوە. لە نووسین و خوێندنی وانەکانی قوتابخانە یارمەتی منداڵەکە دەدات زانیاری سەبارەت بە وانەکە لە ئینتەرنێت وەردەگرێت..



# سەرپەرشتیاری منداڵ لە بێشکەوە تا قوتابخانە



# سایتێک تایبەت بە زانیاری لەسەر ژمارە مۆبایلەکان

پەیوەندییەکت بۆ دێت، بەڵام نازانی لەلایەن چ کەسێکەوە پەیوەندییەکە هاتووە، یان لە چ وڵاتێکەوەیە. هەرچەندە پرۆگرامی truecaller کە بۆ هەر دوو سیستەمی ئەندرۆید و ios دەگونجێت و گرنگی خۆی هەیە، بەڵام خودی سایتی https://www.truecaller.com/یش ئەو ئەرکە بە هەندێك تایبەتمەندی دیکەوەش ئەنجام دەدات، لە سەرەتادا بە ئەکاونتی گوگل یا مایکرۆسۆفتی تایبەت بەخۆت دەچیە سەر سایتەکە، لە بۆکسێکی تایبەتدا لە گۆشەی لای راست بەشێکی تایبەتە بە دیاری کردنی ناوی وڵات و بۆکسێکیش بۆ نووسینی ژمارەی مەبەست، هەرکە سێرچت کرد، ناوی کەسەکە وێنەی کەسەکە ئەگەر وێنەی دانابێ، لەگەڵ ئەکاونتەکانی لە فەیسبوك و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە دەکاتەوە، لەبەشی نەخشەدا دەتوانی شوێنی پەیوەندییەکە بدۆزیەوە...